خاوەنی ئیمتیاز
جەمیل سنجاوی

سەرنووسەر
بەختیار محەمەد
makhmur@yahoo.com

کەندیناوە
پاشکۆ

لەگەڵ ئەم ژمارەیە پاشکۆی (کەندیناوە) بخوێنەوە

بۆ یەکەمجار رۆژنامەی (دەنگی مەخموور) هەڵدەستێ بەبڵاوکردنەوەی چەند پاشکۆیەکی تایبەت، بۆ هەر مانگێك پاشکۆیەك تەرخان دەکات تایبەت بە شارەدێیەکانی مەخموور کە بریتین لە (قەراج و کەندیناوە و گوێر)، بۆ ئەم ژمارەیە پاشکۆی (کەندیناوە) دەکاتە دیاری بۆ سەرجەم خوێنەرانی خۆشەویست. بۆ ژمارەی داهاتوو پاشکۆیەکی تایبەت بەسنووری شارەدێی گوێر بڵاودەکاتەوە.

ژمارە (31)   رۆژنامەیەکی رۆشنبیری گشتییە ، لە مەخموور دەردەچێت   نرخ (500) دینار   هەینی 15 / 5 / 2011   25ی گوڵانی 2711

سامان قەرەچووغی:

کێ نووسینەکانمان دەخوێنێتەوە!

3

(دەنگی مەخموور) ئەنتیکخانەی "مەلارەسول بندیان" بەسەردەکاتەوە

5

یانەی مەخموور لەخولی پلەیەکی کوردستان نزیك دەبێتەوە

7

سەعدی ئەحمەد پیرە:

مەخموور بووەتە قوربانی ململانێی سیاسیی نێوان حیزبەکان

تایبەت بە (دەنگی مەخموور)

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بایکۆتکردنی لیستی حەدباو ئیدارەی پارێزگای نەینەوا لەلایەن لیستی برایەتی نەینەواو دواتر ئیدارەی مەخموورو ناحیەکانی دەوروبەری بەزیانگەیاندن بەدەڤەری مەخموور دەزانێت و ئاماژە بەوەش دەکات کەئەوانەی بەرپرسیارن لەرەوشی مەخموور رەنگە نە نەخشەی مەخموور بزانن و نەگرنگیی ئابووری مەخموور بزانن.

لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت بە(دەنگی مەخموور)، (سەعدی ئەحمەد پیرە) ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لەبارەی بایکۆتکردنی لیستی حەدباو ئیدارەی پارێزگای نەینەوا رەخنە ئاراستەی ئیدارەی ناوچەکەو لیستی برایەتی نەینەوا دەکات و رایدەگەیەنێت کە "بایکۆتکردنی لیستی برایەتی نەینەوا لەقازانجی مەخمووردا نەبووەو بەپێچەوانەوە زیانی بەو ناوچەیە گەیاندووە بەتایبەت لەرووی کەمی خزمەتگوزاری و پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەدا".

لەبارەی بەڕێوەبردنی ئیدارەی ناوچەکەش کە حزب زاڵە بەسەر حکومەتدا، سەعدی پیرە، وتی "قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان پێش ئەوەی خۆیان بەقایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەی خەڵك بزانن، خۆیان بەهی حیزبێك دەزانن"، ئەو پێشیوایە "مەخموور بەوشێوەی ئێستا هەیە بمێنێتەوە سەرناگرێ" و بەعەقڵیەتی شاخ ئیدارەی شار ناکرێ و دەبێ وردە وردە فێربین و پێیوایە ململانێی حیزبی بووەتە هۆکاری ئەوەی مەخموور تووشی کێشەبێت، هەروەك دەڵێ "پاریگایەك بۆ گەنجان دەکرێت، ئەگەر سەوز بیکات، زەردیش پاریگایەك دروست دەکات و دژی دەبێت و جاری واش هەیە دەبێتە شەڕ لەسەر ئەوەی ئەو شەقامە کێ کردوویەتی، موسڵ دەیکات هەولێر دەڵێ من کردوومە" ئەو پێیوایە کە ئێستاکە کاتی ئەوەنییە شەڕی سەوزو زەردو سوور لەمەخموور دروست بکەین، بەڵکو "باشەری ئاوەدانکردنەوەو پێشبرکێی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە بکەین"، هەروەها لەرووی گرنگی ناوچەکە لەبواری پیشەسازییەوە جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێت حکومەتی هەرێم بیرێکی جددی لەئاوەدانکردنەوەی مەخموور بکاتەوەو گرنگیی بدات بەکارگەکانی گەچ و دروستکردنی کارگەی چیمەنتۆو چەندین پرۆژەی دیکەو وتیشی "لەداهاتوودا ئەو سنوورە دەبێتە باشترین ناوچەی پیشەسازی کە سوودی بۆ هەموو عێراق و کوردستان دەبێت".

دەقی چاوپێکەوتنەکە لەلاپەڕە (3) بخوێنەوە.

خەسرۆ گۆران:

کێشەکانی نێوان حەدبا و برایەتی وەك خۆی ماوەتەوە

خەسرۆ گۆران سەرۆکی لیستی برایەتیی نەینەوا دەڵێت، کێشەکانی نێوان لیستەکەیان و لیستی حەدبا وەك خۆی ماوەتەوەو هیچ پێشوەچوونێکی بەخۆیەوە نەبینیوە. خەسرۆ گۆران لەمبارەیەوە بەئاژانسی پەیامنێری راگەیاند "کێشەکان وەك خۆی ماوەتەوەو ئێستاش هیچ شتێك لە بەرنامەدا نییە، چونکە هەموو شتێك بەدەست ئێمە نییە، ئێمە هەڵوێستێکی سیاسیمان راگەیاندووەو چاوەڕوانی وەڵامین". سەبارەت بەدامەزراندنی ئیدارەیەکی سەربەخۆی کوردی لەنەینەوا، گۆران گوتی "دامەزراندنی پارێزگای سەربەخۆ پێویستیی بەبڕیار و گۆڕینی دەستوور هەیەو شتێکی وا ئاسان نییە". سەرۆکی لیستی برایەتی رایگەیاند "داوامان لە حکومەتی هەرێم کردووە کە بودجەو ئیدارەیەکی تایبەت بۆ ئەم مەسەلەیە دابین بکات، وەك پارتی و یەکێتی داوامان لەحکومەتی هەرێم کردووە ئاورێك لەو ناوچانەدا بداتەوەو تا ئێستاش چاوەڕوانی وەڵامین". سەبارەت بەهەڵوێستی حکومەتی عێراقیش خەسرۆ گۆران روونی کردەوە "حکومەتی ناوەند وەك پارێزگا تەعامول لەگەڵ هەموو بەشەکانی عێراق دەکات و حکومەت کێشەو مەسەلە سیاسییەکان ناتوانێت یەکلایی بکاتەوە. جێگری پارێزگاری پێشووی نەینەوا ئاشکراشی کرد "لەم کاتەدا هیچ ئومێدێك نییە بەمزووانە کێشەکان چارەسەر بکرێت، چونکە لایەنی بەرانبەر نایەنە بەر گفتوگۆو ئەوەش وا پێدەچێت کێشەکان بمێننەوە تاکو هەڵبژاردنەکانی ئایندە".

دوو هەزار چەکی دیکەی ماددەی (140)

لیژنەی باڵای مادەی (140) لە بەغدا، (2000) چەکی دیکەی قەرەبووکردنەوە ئیمزا دەکات و ئامادەیە بۆ دابەشکردن، جێگری سەرۆکی لیژنەکەش ئاشکرای دەکات کە سەرجەم پارێزگاکانی عێراق دەگرێتەوە بە شاری کەرکوکیشەوە.

نەرمین عوسمان جێگری سەرۆکی لیژنەی باڵای مادەی (140)، رایگەیاند" "کاری لیژنەی مادەی (140) بۆ قەرەبووکردنەوەی ئاوارە گەڕاوەکان بەردەوامە و لە هەوڵی ئەوەداین لەمساڵدا زۆرترین چەکی قەرەبوو دابەش بکرێت". وتیشی: "زیاتر لە (2000) چەکی دیکەی قەرەبوو بۆ ئەو ناوچانەی باشوور و باکوور و ناوەڕاست و بۆندە کشتوکاڵییەکان کە قەرەبوو دەیانگرێتەوە ئامادەکراوە، دابەش دەکرێن کە ژمارەیەکیش لە ئاوارەکانی شاری کەرکوك دەگرێتەوە".

هەفتەی ڕابردووش (583) چەکی ئاوارەکان گەیشتە کەرکوك، عەبدولخالق جەباری بەرپرسی بەشی ژمێریاری ئۆفیسی کەرکوکی مادەی 140 لەوبارەیەوە رایگەیاند "(583) چەکی قەرەبووی ئاوارەکان گەیشتۆتە ئۆفیسی کەرکوك و دابەش دەکرێن کە تایبەتە بە هەرسێ قۆناغی (22 و 23 و 24)"، ڕوونیشیکردەوە" "ئێستا سەرقاڵی دابەشکردنی ئەو چەکانەن".

کوردستان
140

کۆچکردنی خەڵکی مەخموور بەردەوامە

تایبەت بە دەنگی مەخموور

کۆچکردنی هاوڵاتیانی مەخموور بەردەوامەو لەمانگی رابردوو نزیکەی (10) خانەوادەی دیکە مەخمووریان جێهێشتووە، قایمقامی مەخموریش هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ نەبوونی خزمەتگوزاری و زۆری بێکاری لەو ناوچەیە.

هاوڵاتی (فاخیر خدر عەباس) پیشەی دوکاندارە لەمەخموور، باس لەوەدەکات و دەڵێت "لەچەند رۆژی رابردوو زیاتر لە (10) کەس لەخزم و کەسەکانم مەخموریان جێهێشتووە، هەرکاتێکیش بۆم رێکبکەوێت ئەوا منیش دەڕۆم"، گوتیشی "چاوەڕێی ئەوەم دوکانەکەم بفرۆشم و باربکەم بۆ هەولێر، چونکە ژیان و گوزەرانی ئێرە زەحمەت بووە، بۆیە ئێستاکە منداڵەکانم رەوانەی شاری هەولێر کردوونە و هەرکات دوکانەکەم فرۆشرا ئەوا منیش دەڕۆم".

سەبارەت بەهۆکاری کۆچکردن و بارکردنی هاوڵاتیانی مەخموور، موحسین شوانی یەکێکە لەرۆژنامەنووسەکانی مەخموور ئەو پێی وایە رۆیشتنی هاوڵاتیان بەردەوامەو هۆکارەکەشی گەڕانەوە بۆ نەبوونی دەرفەتی کار و لەوبارەیەوە گوتی "بەبڕوای من هۆکاری بارکردنی هاوڵاتیان بریتیە لەنەبوونی ئیش و کار و کەمی هەلی کار لەو سنوورە، چونك مەخموور بەبەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکە کەمترین خزمەتگوزاری بۆ ئەنجام دراوە، بەپێچەوانەوە ناوچەکانی دیکە پێشکەوتنی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە، ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر ئەو ناوچانەی کە فەرامۆشکراون، سەرەڕای ئەمەش کەمی پرۆژەی خزمەتگوزاری لەبوارەکانی تەندروستی و ئاوو کارەباو..تد، هەموو ئەو گرفتانە هێندەی تر خەڵکی مەخموور هەراسان دەکات، بۆیە ناچارن زێدی باپ و باپیرانی خۆیان بەجێبهێڵن".

لەلایەن خۆیەوە ئیبراهیم شێخەڵڵا قایمقامی قەزای مەخموور بەوەکالەت، لەبارەی کۆچکردنی هاوڵاتیان، تایبەت بە (دەنگی مەخموور) رایگەیاند "هەرچەندە تائێستا هیچ ئامارێکمان لەبەردەستدا نییە تابزانین چەند ماڵ لەسنووری مەخموور باریان کردووە، بەڵام هۆکارەکەی بۆ دووخاڵ دەگەڕێتەوە، یەکەمیان نەبوونی خزمەگوزارییە، ئەویتر بوونی بێکاری و کەمی هەلی کارکردنە لەو سنوورە". قایمقامی مەخموور باس لەوەدەکات کە ئەوان رێگری لە کەس ناکەن لەرۆیشتن، هەروەك شێخەڵڵا ئاماژەی بەوەداو گوتی "ئیدارەی مەخموور رێگری لەکەس ناکات بۆ رۆیشتن، بەڵام ئێمە لەگەڵ پارێزگای هەولێر قسەمان کردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە، لەبەرنامەماندایە چەند پرۆژەیەك لەمەخموور ئەنجام بدەین".

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی دەست رۆژنامەی دەنگی مەخموور کەوتووە تەنها لەمانگی رابردوو نزیکەی 10 ماڵ مەخموریان جێهێشتووەو دەیان هاوڵاتی دیکە لەبەرنامەیاندایە باربکەن و رووبکەنە شاروشارۆچکەکانی دیکەی کوردستان.

زیاتر لە (50) هەزار کەس لەئەوروپا ئیقامەیان بەناوی مەخموور وەرگرتووە

6

چاوەڕوان بن..

لەژمارەی داهاتوو پاشکۆی (گوێڕ) دەردەچێت، داواکارین لەنووسەران هەر بابەتێکیان لەسەر دەڤەری گوێڕ هەیە بۆ ئەم ئیمێلەی بنێرن : makhmur@yahoo.com